# یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
ژمارەی بڕیار: ٢
رۆژی بڕیار: ١٩٩٦/٩/٣

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی هەردوو برگەی «١و ٢» لە مادده «٥٦»ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢. ئەنجوومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی نا ئاسایی رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ی دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٦
## یاسای درێژکردنەوەی یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**
دەورەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق تاکو ١٩٩٨/٦/٤ درێژ دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**
ئەم یاسایە لەرۆژی بڕیار لەسەر دانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆی پێویستی دەرچواندنی ئەم یاسایە:

**لەمەوبەر بەپێی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، رۆژی ١٩٩٥/٦/٤ کرابووە مێژووی تەواو بوونی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. ئەو ماوەیەش لەسەر تەواو بوون بوو، بەبێ ئەوەی**

بارێکی گونجاو بۆ گەلی کوردستان هەلکەوێ بۆ بەکارهێنانی مافی خۆی لەهەڵبژاردنی دەورەی دووەمی هەڵبژاردنەکەدا. ئەمە وای لە ئەنجوومەن کرد کە ماوەی یەکەمین دەورەی هەڵبژاردن ساڵێک درێژبکاتەوە و لەرۆژی ١٩٩٦/٦/٤دا بەپێی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٥ کۆتایی بێت. هەموو لایەک بەو هیوایە بوون کە شەڕی ناوخۆ کۆتایی بێت و ئاشتی بێتە دی و هەڵبژاردنی گشتی بکرێت. بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەو ماوەیەی یەکەمین درێژکردنەوەکەی خەریک بوو بەسەر بچێ بێ ئەوەی هیواو ئاواتی گەلەکەمان بێتە دی. بۆیە ئەنجوومەن جارێکی دیکەش لەبەر هەست کردنی بە بەرپرسیاریی مێژوویی کە خراوەتە سەرشانی بۆ رزگارکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە چنگ کەوتوون، بڕیاری دا یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٦ دەربکات بۆ درێژ کردنەوەی دەورەی ئەنجوومەن بۆ ماوەی ٣ مانگی دیکە کە لە ١٩٩٦/٩/٤دا تەواو دەبێ، وە چونکە ماوەی درێژکردنەوەی دووەمین تەنیا یەک رۆژی مابوو تەواو بێ و بەسەر چوونیشی مانای ئەوەیە ئەو دەرفەتە مێژوویییەی بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیییەکانی و سیستەمی سیاسیی و ئاواتە رەواکانی و ئەزموونە دیموکراتییەکەی لەدەس بچێت. ئەنجوومەن لەسۆنگەی هەست بەلێپرسراویی مێژوویی خۆی، بەرامبەر بە گەلی کوردستان و خۆ بەستنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن بەو سوێندەی کە خواردوویانە کە پارێزگاریی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان و بەرژەوەندییە بالاکانی بکەن و لە پێناوی پاراستنی ئەو دەستکەوتە مێژووییە کە خۆی لەدامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان دا دەنوێنێ، بەو ناوەی کە بنکەی دروستی شەرعیەتەو سەرچاوەیەتی و کۆڵەکەی دیموکراتیەتەو دەزگاییکە بەئیرادەو ویستی گەل دروست بووە و لەهەمان کاتیشدا ئەو ئیرادەو ویستەی دەنوێنێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.